وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

کۆلێژی ئاداب

بەشی راگەیاندن

راگەیاندن و دیموکراسی

قۆناغی یەکەم

مامۆستای بابەت

ارشد خلیل شوانی

ساڵی خوێندن

٢٠٢١-٢٠٢٢

وەرزی دووەم

قوتابی ئازیز: ناوەرۆکی ئەم بابەتەی لەبەردەستتدایە کورتکراوەی وانەی راگەیاندن و دیموکراسییە، بۆ زیاتر تێگەیشتن پێویستە بگەڕێتەوە بۆ تێبینییەکانی ناو پۆل

- **پێناسەی چەمکی میدیا :**

چەندین پێناسەی میدیا هەیە بە گوێرەی زۆربوونی ئەزموونی ئەو کەسانەی لەو ناوەندە کار دەکەن، دەکرێ سێ ئاراستە بۆ ئەم پێناسانە دیاری بکرێت:

- **ئاراستەی یەکەم: جەخت لە میکانیزمی نێرەرو وەرگرتنی پەیام دەکات. یاخود ئەوانەی ناوزەند دەکرێن وەک ئاگادارکەرەوە و وڵامدانەوە.**

گرنگترین و دیارترین پێناسە پێناسەکەی فەرهەنگی ئۆکسفۆردە کە دەڵێت "میدیا بریتییە لە گواستنەوەو گەیاندنی زانیاری بۆ بەدەست هێنانی وەڵام دانەوە."

- **ئاراستەی دووەم: جەخت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی لە میدیا دەکات، چونکە کاریگەری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات.**

(چارلز کولی) پێیوایە "میدیا ئەو میکانیزمە دەگەیێنێت کە بە هۆیەوە بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤانە گەشەو پەرە پێ دەدات". (د. محمد عبدالحمید) دەڵێ "میدیا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە بە هۆیەوە ئەتوانرێ ئاڵوگۆری زانیاری و بیروڕاو بیرۆکە لە ناو کۆدیاردەکان، لەنێوان ئەندامان یان کۆمەڵ لەناو کۆمەلگاو لە نێوان شارستانییەتی جیاواز بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو."

- **ئاراستەی سێیەم: جەخت لەسەر کاریگەری دەروننناسی لەسەر میدیا دەکات. گوایە میدیا هاوبەشە لە کاریگەری لەسەر ئاراستە و بیرو راو رەوشتی کەسانیتر.**

(کارل هوفلاند) دەڵێ "میدیا پرۆسەیەکە بەهۆیەوە کەسێک ئاگادارییەک دەنێرێت بۆئەوەی رەوشتی کەسێکیتر راست بکاتەوە ."

- میدیا پرۆسەیەکی دوو جەمسەری دوو لایەنەیە، لە لایەک پرۆسەی گەیشتن بە زانیاری، لەلایەکیتر گەیاندنی ئەو زانیاریانەیە بە جەماوەر. ئەو زانیاریانەش لە ڕێگەی ئامرازگەلێکەوە دەلوێن، پێیان دەوترێ (ماس میدیا) واتا میدیای جەماوەری. گەیاندنی ئەم زانیاریانە پەیوەستە بە کات و شوێن کە بەپێی دەورە مێژوییەکان دەگۆڕدرێ. لە سەردەمێکدا سوارچاکەکان پەیامیان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر دەگواستەوە، سەردەمێک کۆترە نامەبەرەکان ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ بوو، ئێستاش شەپۆلەکان پەیامەکان دەگەیەنن .

- **بایەخی میدیا :**

- مرۆڤ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە دێر زەمانەوە ئامرازێکی میدیایی بەکارهێناوە، زمانیش یەکەم ئامرازی میدیا بووە لە هەواڵ و وێناندن و لێکگەیشتن و رازیکردن لەرێگەی وتارو پەخشان و چیرۆک و کتێبەوە، ئەمڕۆش میدیا لە ئامرازە تەکنیکیە پێشکەوتووەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە خێرایی و کاریگەریی لە رێگەی تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەرو مانگە دەستکردەکان و ئاژانسەکانی هەوال و، چاپخانەکان و خانەکانی بڵاوکردنەوەو دابەشکردن و رێکلامکردن بەشێوەی رەش و سپی و رەنگاو رەنگی قسەکەرو جوڵاوەوە پتر کردووە، بایەخەکانیشی لەم رووانەوەیە:

١. ئاراستەکردنی مەیل و هەستەکان و گەشەپێدانی تواناو بەهرەکانی تاک.
٢. ئامادەکردنی گیان و عەقڵ و چێکردنی جەستە. بەتایبەتی ئەگەر هەڵسورێنەرانی میدیا شارەزاو پسپۆر بن لە ئاراستەکردندا سەبارەت بە دەروونناسی و پەروەردەو میدیاو لێهاتووبن لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیاو جڵەوکردنی پلەی کاریگەرێتی، چونکە مرۆڤ لە تێڕوانینی میدیاوە بە هەواڵ دەژی و بە هزر گەشە دەکات و بە زانیاری ئاسوودە دەبێ، ئەمیش گرنگی میدیا لە پێکهێنانی مرۆڤ و دارشتنی کەسێتی و ئامادەکردنی لایەنەکانی بەشێوەیەکی دروست دەردەخات.
٣. سیمبولی بەشارستانیبوون و پێشکەوتنە بە پێوەری نەتەوەو کۆمەڵگاکان.

٤. دەرخستنی پرەنسیب و بەهاو دەسکەوتەکانی دەوڵەتە.

٥. ئامرازێکی زیندووی دەوڵەتە بۆ ئاراستەکردنی گەل لەپێناو گەیشتن بەئاوات و ئامانجەکانی.

٦. ئامرازێکی دەوڵەتە بۆ بونیاتنانی شارستانیەتەکەی و پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتووی.

٧. بە جیاوازی ریگاو ئامرازەکانیەوە پرۆسەیەکی گرنگ پەیڕەو دەکات لە ژیانی نەتەوەو شارستانی گەلاندا، هیچ تاک و کۆمەڵ و دەوڵەتێک لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی رزگاری نابێ.

٨. میدیا ئاوێنەی هەر نەتەوەیەکە، ئامرازێکیشە بۆ بڵاوکردنەوەی پرەنسیب و بەهاو چەمکەکانی و بڵاوکرنەوەی کەلتورو بەهاکانی و، هیچ کەلتورێکیش پاشەکشەی نەکردووەو پەراویز نەکراوە بە لاوازی ئامرازەکانی میدیاو کەمی میدیاکارانی و بێ هیمەتییان نەبێت.

٩. میدیا ئامرازێکی سەرکەوتووە بۆ گواستنەوەی بەهاو پرەنسیب و چەمکەکان بۆ کەسانی دی، هەروەها دارشتنی کۆمەڵ لەسەری و نەشونماکردنی منداڵ و دووپاتکردنەوەی.

١٠. میدیا بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدارە لە گەشەپێدانی شێوازەکانی بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵەکان و بەردەوام بونیاتی نوێ دروست دەکات، واتە بەپێی رێکخستن و دینامیکییەتی پێشکەوتوو بەبەردەوام پێشکەوتن دێنێتە کایەوە.

- **میدیا لە کۆمەڵگەی نوێدا:**

✓ بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی ئامرازەکانی و داهێنانی زانستی و نەمانی هیچ لەمپەرێک لە بەردەمیدا و گرنگیەکەی وای کردووە ببێتە توخمێک لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لەگەڵ سیستەمەکانی تر کاری خۆی دەکات، و بۆتە پێوەرێکی ئاستی پێشکەوتن و جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی پیشەسازی لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی، ئەویش لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان میدیا سەرکەوتوبوون لەوەی کە توانی تاکەکانی کۆمەڵگە ئاراستە بکات بەرەو بیرکردنەوەی عەقڵانی بۆ بەرەو پێش بردنی شێوازی ژیانیان، تەنانەت ئەمرۆ لە کۆمەڵگە تازە پێشکەوتووەکانیش بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگە، کە ناتوانرێ لێی دابرێت. لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا میدیا کاریگەرە بە پێشکەوتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و ئایدیای کۆمەڵگەوە.

✓ میدیا لە کۆمەڵگەی نوێدا گرنگە چونکە گۆڕانی مەدەنییەت و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیای خێرا لەم کۆمەڵگەیە رۆڵی میدیاو پێویستی ئاگادارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ سەبارەت بە رووداو و پەرەسەندنەکانی دەوروبەری دەردەخات، لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی خەڵکیش پەیوەندیکردنی راستەوخۆ بەسەرچاوەکانی میدیاوە کە رۆڵ و ئەرکی خۆی دەبینێ بۆتە کارێکی سانا.

✓ میدیا رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی نەشونماکردن و ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی تاک بەشێوەیەکی گشتی دەگێڕێ.

✓ بەشداری لە گواستنەوەی رۆشنبیری نێوان نەوەکان دەکات، ئامرازە نوێیەکانی میدیا رۆژهەڵاتی زەوی و رۆژئاو و باکورو باشوری لێک نزیک کردەوە، وایکرد هەر بەشێکی جیهان هەست و ئاگای لە رووداوی بەشەکەی دی بێت و کارادنەوەی بەرامبەری هەبێت، ئەمەش ناکرێ لەرێگەی ئامرازەکانی میدیاوە نەبێت.

- **ئەرکەکانی میدیا :**

میدیا بەوەی چالاکییەکی تاکە کەسی و کۆمەڵ و جەماوەریشە و بەشداریکردن لە بیرو بۆچوون و خستنەڕووی راستی و راگەیاندراوەکان دەگرێتەوە، پسپۆرو شارەزایانی بواری میدیا، هەریەکە و بە پێی روانینی خۆیان بۆ ئامرازەکانی میدیا، کۆمەڵێک ئەرکیان بۆ دەستنیشان کردووە، وێرای جیاوازی لە روانگەکاندا، دەتوانین خاڵی هاوبەشیش بدۆزینەوە، میدیا کە بە شادەماری هەموو ئامرازەکان یان هۆکارەکانی ژیان دادەنرێ، دەتوانین ئەرکە سەرەکییەکانی بەم جۆرە بخەینە ڕوو:

یەکەم: کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری :

بریتییە لە کۆکردنەوەو و چارەسەرو بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و راگەیاندراوو وێنە و بیروڕاکان، لە پێناو تێگەیشتنی ژینگەی دەوروبەرو هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن تیایدا، بە شێوەیەکی زاستی و کارامەیی و لێهاتوویی.

لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئامرازەکانی میدیا لە کێبرکێدان بۆ گواستنەوەی رووداو بە خێرایی بۆ جەماوەر، بەمەبەستی هاوبەشی کردن لەگەڵ ئامرازەکانی میدیاو دەستەبەرکردنی وەرگرتنی پەیامەکانی، ئەرکەکانی میدیای هەواڵی خۆی لە سێ تەوەردا دەگرێتەوە:

- **زانیاری کۆکردنەوە:** دەزگاکانی میدیا زانیاری لەبارەی رووداوەکان کۆ دەکەنەوە بەهۆی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژو راپرسی، دواتر نووسینەوەی هەواڵ و راپۆرت لەبارەیەوە .
- **چارەسەرکردنی زانیارییەکان:** دەزگاکانی میدیا دوای کۆکردنەوەی زانیاری، هەواڵ و راپۆرت و راپرسی و ریپۆرتاژەکان دادەڕێژنەوەو، شیاوترینیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە .
- **دابەشکردنەوەی زانیارییەکان:** بڵاوکردنەوەی زانیارییە بۆ وەرگر کە لە ژینگەیەکی میدیا بەدەست هاتووە، لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لە رۆژنامە و

گۆڤارەکان و، بڵاوکردنەوەی هونەرییەکانی ئێستگەو تەلەفزیۆن (خۆی لە چەندین بیرو راو زانیاری دەبینێتەوە) لە ئامرازی بینراو بیستراو دا .

دووەم: گەشەکردنی کۆمەڵایەتی :

ئەم ئەرکە خۆی لە دابینکردنی گەنجینەیەکی هاوبەشی زانست و زانیاری دەبینێتەوە، کە تاکەکان بە هۆیەوە بتوانن ببنە ئەندامی کاریگەرو بونیاتنەرو لە کۆمەڵگاکاندا بژین و بەشداری لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و کاری بە کۆمەڵ و کێشەکانی کۆمەڵگادا بکەن.

میدیا یەک لەو میکانیزمە گرنگانەیە دەتوانێت لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک بۆ پەسندکردنی بەها نوێیەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان بەهاکاندا رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت.

سێیەم: رۆشنبیرکردن :

بریتییە لەبڵاوکردنەوەی زانیاری بە شێوازیک کە ببێتە هۆی نەشونماکردنی رۆشنبیری و پێکهێنانی کەسێتی و بە دەستهێنانی کارامەیی و لێهاتوویی لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیاندا.

ئامرازەکانی میدیای جەماوەری هەڵدەستن لەناو ئەم کارەدا بەرۆشنبیرکردنی جەماوەر لە رێگەی پێشکەش کردنی ئەو پەیامانەی دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری جەماوەر.

چوارەم: پێکهێنانی رای گشتی:

رای گشتی ئەو رایە زاڵەیە لە نێوان زۆرینەی گەلێکی هۆشیار لە کاتێکی دیاریکراو پەیدا دەبێت، ئامرازەکانی میدیا هاوبەشن بۆ هاندانی جەماوەر بۆ پێکهێنانی رایەکی یەکگرتوو بەرامبەر کێشە هەنووکەییەکان، لە رێگای پێدانی ئەو زانیاریانەی بەو کێشەیە پەیوەستە و، هاندانیان بۆ بەشداری کردن لە دەربڕینی بیرو ڕاو، هاندانیان بۆ ئەوەی رەفتارێکی دیاریکراو دەربڕاو ئەنجام بدەن، وەک بەشداری کردن لە خۆپێشاندان و هەڵبژاردن و مانگرتن... هتد.

رۆڵی دەزگاکانی میدیا لەمە تێدەپەڕێت بۆ کاریگەری لەسەر جەماوەر بە هۆی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی کاریگەری و رازیکردن، وەک دووبارەکردنەوە و پێشکەش کردنی بەڵگەکان و پێشکەش کردنی هەردوو لای سەرنج و ئاراستە لەسەر بابەت، لەگەڵ جەخت کردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، و پاڵپشتی لەو رایانەی لە رای سەرکردەکان بەدەست هاتوون .

پێنجەم: خۆشی و کات بەسەر بردن :

ئامرازەکانی میدیای جەماوەریی ئەرکێکی کات بەسەر بردنە، لە رێگای پێشکەش کردنی ئەو پەیامانەی دەبنە هۆی تێرکردن و خۆش گوزەرانی جەماوەر، رۆڵ و کاریگەری هەریەک لە ئامرازەکان بە گوێرەی چۆنیەتی بەکارخستنیان لەم رووەوە دیار دەکەوێت.

ئەمەش لە پێشکەش کردنی دراماو گۆرانی و فیلم و بڵاوکردنەوەی رۆمان و چیرۆک و، پێشکەش کردنی جۆرەکانی هونەر وەکو مۆسیقاو دەنگ و وێنە دەبێت.

شەشەم: روونکردنەوەو لێکدانەوە :

ئامرازەکانی میدیا کار لەسەر روونکردنەوەو لێکدانەوەی کێشەکان بۆ جەماوەر دەکەن، پێشبینی لەسەر بوونی کێشەیەک کە ئاستەمە بۆ تێگەیشتنی گشت خەڵک، بۆیە ئەم دەزگایانە کاریان روونکردنەوەی لایەنەکانی کێشەکەیە بۆ جەماوەر، چونکە کێشەکانی وەک کێشەی پزیشکی و زانستی و رۆشنبیری ئاستەمە هەندێ جەماوەر تێی بگەن، بە بێ بەشداری کردنی دەزگاکانی میدیا لە روونکردنەوەو لێکدانەوەی کێشەکان بۆیان .

حەوتەم: خزمەتگوزاری گشتی :

ئەمەش بریتییە لە پێشکەش کردنی رێنمایی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک، بەشداری دەکات لە خزمەت کردنی کۆمەڵگا، وەک بڵاوکردنەوەی کاتەکانی فڕینی فرۆکە و هەواڵی نرخی کەلوپەلی خۆراکی و بۆرسەکانی جیهان، هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ هەموو کەسێک، بە جۆرێک دەستەبەری

گەیشتن بە ئامانجەکانیان بکات و، زانین و تێگەیشتنی بارودۆخی گوزەرانی خەڵکیترو راو بۆچوون و خواستەکانی ئەوانیش بهێنێتەدی .

هەشتەم: چاودێری کردنی ژینگە :

ئامرازەکانی میدیا شارەزاییەکی باشیان هەیە لە گەڕان بە رێگای بڵاوکردنەوەی بیرو رای جەماوەر لە بارەی کێشە و ئاراستەی جیاواز، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیرو ڕای بەرپرسان بەرامبەر رووداوو کێشە و وڵات و حکومەتەکان، ئەم دەزگایانە بەو واتایە کار دەکەن کە ئەرکی چاودێری کردنی ژینگەیە، لە رێگای گواستنەوەی هەواڵەکانی ژینگە بۆ جەماوەرو بە پێچەوانەوە .

نۆیەم: دیکۆمێنت کردنی رووداوە گشتییەکان :

ئامرازەکانی میدیا رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیکۆمێنت کردنی رووداوە گشتییەکان لە رێگای ورووژاندن و شیکردنەوەو پێشاندانی بابەتەکان، بۆ ئەوەی بتوانرێ بەکاربهێنرێت و بۆی بگەڕێینەوە دوای چەندین ساڵ و سەدە.

- **دیموکراسی:**

ئەسڵی وشەی دیموکراسی بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە کە بە مانای (حوکمی گەل) دێت. لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی و لە شاری ئەسینای یۆنانی، حوکمڕانی بە جۆرێک بوو کە پێیدەوترا دییموکراسی راستەوخۆ، ئەمەش لە کۆبوونەوەی پیاوەکان (بێ ئافرەتەکان) لە ئەنجومەنێکدا کە لە گۆڕەپانێکی گشتیدا کۆدەبوونەوە رووویدەدا، لەوێدا پیاوەکان پێشنیاری یاساکانیان دەکرد (واتە وەک دەسەڵاتی یاسادانان)، پاشان هەندێک لە ئەندامانی خۆیان هەڵدەبژارد تا ئەوەی لەسەری رێکەوتوون جێبەجێی بکەن (واتە وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن).

بەشێوەیەکی گشتی دیموکراسی"بریتییە لە سیستمێکی سیاسی، بنەما سەرەکییەکانی ئەو سیستمە سیاسییە لە رێگەی یاسایەکی باڵاوە رێکدەخرێت کە پێیدەوترێت دەستور، تێیدا هەمو هاوڵاتییەک، نێر بێت یان مێ، پیربێت یان گەنج، نەخۆشبێت یان ساغ، بەشێوەیەکی یەکسان، مافی بەشداریکردنی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا هەیە. ئەمەش لە رێگەی خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان یان لە رێگەی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی وەک نوێنەری خۆیان دەستنیشانیان دەکەن.

- دیموکراسی سیستمێکە پشت بە پرنسیپێکی سەرەکی دەبەستێت کە بریتییە لە ئیرادەی گەل.

-دیموکراسی مافێکی سروشتی گەلە.

-دیموکراسی کەلتورو رەفتارە، نەک دروشم و روخسارێکی شکڵی بێ ناوەرۆک. پیادەکردنی لەسەر زەمینی واقیع، پێویستی بە دابینکردنی کۆمەڵێک بنەمایە .

-دیموکراسی لە ئیرادەی ئازادی گەلانەوە سەرچاوە دەگرێت و ناکرێت بە زەبری هێزو داگیرکردنی سەربازی فەرز بکرێت.

- **جۆرەکانی دیموکراسی:**

پراکتییزەکردنی دیموکراسی، یەک شێوەی جێگیرو نەگۆڕی نییە، بەڵکو لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە، ئەم جیاوازییە بریتیە: لەشێوازی گوزارشتکردن لە ئیرادەی گشتی، شێوازی هەڵبژاردنی دەزگا فەرمییەکانی وڵات، پرۆگرامی ئیشکردنەکانی ئەو دەزگایانە، ئامرازەکانی چاودێریکردنی ڕەفتارو کاروباری دەسەڵاتداران...هتد. بۆیە دەکرێ دیموکراسی بۆ چەندین جۆر دابەش بەکەین لەوانە:

١- دیموکراسی راستەوخۆ:

تێیدا گەل لەیەککاتدا هەم سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و هەم خۆشی مومارەسەی دەسەڵاتەکان دەکات. لەم جۆرە دیموکراسییەدا دەسەڵاتداران بوونیان نییە، چونکە تەواوی دەسەڵاتەکان لەلایەن گەلەوە پراکتیک دەکرێت. بە مانایەکی دی، لەم جۆرە دیموکراسییەدا، خەڵکی پێویستی بە نوێنەر نییە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتەدەست و وڵاتی بۆ بەرێوەببات، چونکە خەڵک خۆیان راستەوخۆ مومارەسەی دەسەڵات دەکەن و کاروباری وڵات بەرێوەدەبەن.

٢- دیموکراسی ناڕاستەوخۆ :

لەم جۆرەدا گەل کەسانێک هەڵدەبژێرێت لە بری خۆی، مومارەسەی دەسەڵات بکەن. بەڵام گەل وەک سەرچاوەی دەسەڵات دەمێنێتەوە، وەلێ خۆی مومارەسەی دەسەڵات ناکات، دەسەڵات دەدات بەوانەی لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، نوێنەرایەتی دەکەن. هەنووکە ئەمە باوترین جۆری دیموکراسییە لە جیهاندا. گەل نوێنەرانی خۆی بۆ ماوەیەکی دیارکراو، چوار بۆ پێنج ساڵ هەڵدەبژێرێت. ئا لێرەوەیە پێیدەوترێت دیموکراسی نوێنەرایەتی، بەو مانایەی گەل ئەندامانی حکومەت هەڵنابژێرێت و دەنگ لەسەر بڕیارەکانی نادات، بەڵکو ئەوە نوێنەرەکانییەتی لە پەرلەمان ئەو کارە دەکەن.

٣- دیموکراسی نیمچە راستەوخۆ :

لێرەدا پەیوەندی نێوان جەماوەری دەنگدەرو ئەو نوێنەری هەڵیانبژاردووە، هەر دەمێنێت. دەنگدەران دەتوانن ئەو نوێنەرە لابدەن و لە بری ئەو کەسێکی دیکە هەڵبژێرن. ئەم جۆرە لە سویسراو هەندێک ویلایەتی ئەمرکیا پراکتیک دەکرێت. جگە لەوە لە دیموکراسی نیمچە راستەوخۆدا حاڵەتێکی دیکە هەیە کە بەم

شێوەیەیە: دەکرێت پرۆژەی یاسایەک بخرێنە بەر دەست جەماوەری دەنگدەرەوە تا بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەنگی لەسەر بدەن، ئەگەر زۆرینە وتیان بەڵێ، ئەوا یاساکە بێ ئەوەی بە پەرلەماندا بڕوات و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٤- دیموکراسی میللی :

ئەم جۆرە لە دیموکراسی بەو وڵاتانە دەوترێت کە لە ژێر هەیمەنەی قەڵەمڕەوی کۆمۆنیستدا بوون، وەک رژێمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو، وڵاتانی بەرەی سۆشیالیزمی جاران. دیموکراسی خۆرئاوا، دیموکراسی میللی رەتدەکاتەوەو بە نا دیموکراسی ناویدەبات، چونکە شێوازی حوکمڕانییەکەی ناکۆک و دژ بەو بنەما سەرەکیانەیە کە دیموکراسی لەسەر بونیاد دەنرێت. لەم جۆرە دیموکراسییەدا، یەک حیزب و یەک سەرۆکی هەتاهەتایی حوکم دەکات، هاوڵاتی بژاردەی دیکەی لەبەردەمدا نییە و فرەیی حزبیش تا ئاستێکی زۆر لاوازە، خۆ ئەگەر هەشبێت، ئەوا زیاتر حیزبی کارتۆنی بێ پێگە و بێ کاریگەرن و زیاتر دروستکراوی دەستی خودی دەسەڵاتن.

٥- دیموکراسی لیبرالی :

واتە دیموکراسی ئازاد، شێوەیەکە لە شێوەکانی دیموکراسی، تێیدا دەسەڵاتداران و فەرمانڕەواکان، لە هەر ئاست و پلە و پۆستێکدابن، ملکەچی یاساو پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانن لە یەکتر. واتە دەسەڵاتی سیاسی حکومەت، پابەندی دەستورەو ماف و ئازادی تاک و کۆمەڵەکان دەپارێزێت. دەستوری دەوڵەت هەمو ئازادی و مافەکان بۆ هاوڵاتیان، بە کەمینەکانیشەوە، دابینەدەکات و هیچ لایەنێکیش بۆی نییە پێشێلی ئەو ئازادی و مافانە بکات.

- **بنەماکانی سیستمی دیموکراسی**

بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی راستەقینە، کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی هەیە کە بە کورتی دەیانخەینەڕوو:

یەکەم: ئازادی تاک و کۆمەڵ

ئازادی مافێکە هاوشانە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاد، مرۆڤ لە میانەی ئازادییەوە، دەتوانێت گوزارشت لە پێداویستی و حەزو ویست و ئومێدەکانی بکات، ئازادی وا لە کەسەکان دەکات سەربەستبن لە جۆری ئەو ژیانەی کە خۆیان دەیانەوێت و بە ویست و حەزی خۆیان دەستنیشانی بکەن و هەڵیبژێرن، چۆنیان بوێت ئاوا بژین و هیچ دەسەڵات و دەزگایەکی ئاینی یان ئایدۆلۆژی، نەتوانێت جۆرێکی تایبەت لە ژیانیان بەسەردا فەرزبکات، بۆیە رستەی یەکەمی جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ بەم شێوەیە دەست پێدەکات :هەمو خەڵک بە ئازادی لەدایکدەبن.

دووەم: فرەیی حیزبی

سیستمی دیموکراسی لەسەر بنەمای فرەیی و فرە رەنگی کاردەکات. حیزب و پارتە سیاسییە جیاوازەکان، سەرجەمیان گوزارشت لە فرەیی و هەمەڕەنگی کۆمەڵگا و چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن.

بێگومان ئەو حیزبانەی پرۆگرام و دیدو تێڕوانینیان، لە ویست و خواست و ئایندەی زۆرینەی کۆمەڵگاوە نزیکبێت، ئەوان زیاتر شەرەفی ئەوەیان پێدەبڕدرێت کە نوێنەرایەتی گەل بکەن.

بوونی سیستمێکی دیموکراسی، بەبوونی فرەیی حیزب بەندە، واتە بە بێ بوونی کۆمەڵێ حیزبی سیاسی کە رەنگدانەوەی سروشتی کۆمەڵگا بێت و گوزراشت لە واقیعی کۆمەڵگا بکات و دەرخەری جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و مەزهەبییەکان و ئاقارە سیاسییە هەمە رەنگەکان بێت.مەحالە سیستەمی دیموکراسی بوونی هەبێت.

سێیەم: هەڵبژاردنی خولی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات

ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کات و ساتەکانی خۆیدا، دەسەڵاتی ئازادی هەڵبژاردنی لای دەنگدەران جێگیر دەکات، دڵنایی ئەوە دەدات بە دەنگدەران ئەو سیقەیەی لە ساتەوەختێکدا بەخشیویانە بە حیزبێک یان لیستێک، سیقەیەکی رەها نییە، بەڵکو کاتییەو دەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا لێیان وەربگرنەوە، ئەگەر بێت و هەستیان کرد ئەو حیزبە یان ئەو لیستە، لەگەڵ دروشم و بەڵێنەکانیاندا راستگۆ نەبوون، ئەوا چیتر متمانەی خۆیانیان پێنادەنەوە.

بە مانایەکی تر، هاوڵاتی دەتوانێت لە رێگەی دەنگدانەوە، سزای ئەو حیزب و لایەنانە بدات کە بەرژەوەندی گەل و هاوڵاتیان لەبەرچاو ناگرن و لە بەڵێن و دروشم و وتارەکانی سەروەختی هەڵبژاردنەکان، پەشیمان بوونەتەوە. ئەم گۆڕانکارییە پێیدەوترێت دەستاودەستکردنی دەسەڵات، واتە گواستنەوەیەکی ئاشتیانەی دەسەڵات، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە، لە سەرۆکێکەوە بۆ سەرۆکێکی دی، بە گوێرەی ئیرادەی دەنگدەران کە لە سندوقەکانی دەنگداندا دەردەکەوێت، لە هەڵبژاردنێکی پاک و خاوێندا.

چوارەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادگاکان

دەستور لە سیستمی دیموکراسیدا، رێگە نادات دەسەڵات لەسەر حسابی ئازادی، لەسەر حسابی ئیرادەی میللەت، گەورەو بەرفراوان ببێت. لەبەر ئەم هۆکارەیە، دەستور کۆمەڵێ میکانیزمی خستووەتە ڕوو، ئامانج لێی رێکخستنی ناوخۆیی دەسەڵاتی سیاسییە. ئەمەش بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە بەسەر دەزگا سەربەخۆو تایبەتمەندەکانی خۆیان و کۆنەکردنەوەی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە تەنها شوێنێک و لە یەک دەستدا.

یەکێک لەو دەزگایانە، کاری سەرەکی دانانی بنەما گشتییەکانە، دەرکردنی یاسا پێویستەکانە بۆ بەرێوەبردنی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری، ئەو دەزگایەی بەم کارە هەڵدەسێت، پێیدەوترێت **دەسەڵاتی یاسادانان**، واتە ئەنجومەنی نیشتیمانی یان پەرلەمان.

دەزگایەکی دیکە هەیە **کاری جێبەجێکردنی** بەرنامە و ئەو یاسایانەیە کە لە پەرلەمانەوە دەرکراون و پێیدەوترێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە حکومەت. بەڵام لە کاتی بوونی کێشەو قەیران، لەکاتی بوونی

ناکۆکی دەربارەی ناوەرۆکی یاساکان، لەکاتی بوونی گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی وڵات، ئەوا دەزگایەکی دیکە هەیە چارەسەری ئەو کێشانە دەکات، ئەویش پێدەوترێت دەزگای دادوەری.

لێرەوە ئەم سێ دەزگا گرنگە، ئەم سێ کایەیەی حوکمڕانی، هەر یەکەیان سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و کەسیان بۆی نییە دەست بخانە ناو کاروباری ئەوی دیکەیان. ئەوەشی ئەم حاڵەتە جێگیر دەکات و ئەو سیفەتە بە هەر سێکیان دەبەخشێت، سیتمی دیمکراسی راستەقینەیە.

پێنجەم: حکومەتێکی سیاسی بەرپرسیارو تەبا

لە سیستمی دیموکراسیدا، حکومەت رەنگدانەوەی ئەو نەخشە سیاسییەیە کە دەرهاویشتەی سندوقەکانی دەنگدانە. حکومەت لەلایەن هاوپەیمانی حیزبەکانەوە کە زۆرینەی پەرلەمان دروست دەکەن، پێکدەهێنرێت. حکومەت بۆ ئەوەی دەست بەکارەکانی بکات و سەڵاحیاتەکانی جێبەجێ بکات، پێویستی بە وەرگرتنی متمانەی پەرلەمانە.

ئەو زۆرینە پەرلەمانییەی حکومەت پێکدەهێنێت، مانای وا نییە تەنها بریتییێت لە کۆکردنەوەی رەزامەندی ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران کە رێژەیان لەسەرو ٥٠% بێت، بگرە پێویستە خاڵی هاوبەش لە بەرنامەکانیاندا هەبێت و جۆرێک لە هەمەڕەنگی فیکری لەنێوانیاندا هەبێت، ئامانجی سیاسی یەکگرتوو لە نێوان پێکهاتەکانی زۆرینەدا هەبێت. لەبەر ئەوە تا ژمارەی ئەم پێکهاتانە (المکونات) زۆرتر بێت، دەرفەتی پێکەوە گونجان لە هاوپەیمانییە حکومییەکەدا بەرتەسکتر دەبێت، ئەمەش بە نەرێنی لەسەر رۆڵی حکومەتەکە دەشکێتەوە.

شەشەم: زامنکردنی مافی کەمینەکان

ئەم ئیمتیازاتانەی کە زۆرینەی پەرلەمانی هەیەتی، بە هیچ جۆرێک مانای هەیمەنەی رەها ناگەیەنێت. کۆ دەنگی لەسەر هەندێک پرۆژە یان دەربارەی هەندێک پرس، پێویستە لە سنورێکی دیاریکراودا بێت و ئەو کۆدەنگییە پێشێلکردنی مافی کەمینەکانی لێنەکەوێتەوە.

دیاردەی کۆ دەنگی تەنها لە کۆمەڵگای یەک حیزب و یەک بیرکردنەوەدا هەیەو تەواو ناکۆکە بە کۆمەڵگای دیموکراسی کە لەسەر بنەمای فرەیی کاردەکات. قەبارەی زۆرینەی پەرلەمانی هەرچەندێک بێت، هەمیشە رای ناکۆک و جیاواز هەیە کە نوێنەرایەتی کەمینەکان دەکەن و ناکرێت نادیدەبکرێن و گوێیان لێنەگیرێت.

حەوتەم: شەفافییەت لە کاروباری گشتیدا

لە سیستمی دیموکراسیدا، بەرێوەچونی کاروباری گشتی، لە پرنسیپێکی سەرەکییەوە دەستپێدەکات کە بریتییە لەوەی گەل مافی هەمو شتێکی هەیە. ئەو حکومەتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەگرێتە دەست، متمانەی لە نوێنەرانی پەرلەمانەوە وەرگرتووە، نوێنەرانی پەرلەمانیش متمانەیان لە میللەتەوە وەرگرتووە، بەم پێیە حکومەت لە بری میللەت و بۆ میللەت ئەرکەکانی رادەپەڕێنێت.

کەواتە میللەت مافی تەواوی هەیە چاودێری چۆنیەتی کاروبارەکانی حکومەت بکات، لە بچوکترین بەشییەوە بۆ گەورەترین بەشی. میللەت بۆ ئەوەی بەو کارە هەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت چاودێری وردو درشتی کارەکانی حکومەت بکات، پێویستە حکومەت لەتەواوی دامودەزگاکانیداو لەسەر هەمو ئاستەکان، شەفافبێت و هیچ زانیارییەک نەشارێتەوە.

هەشتەم: سەروەری یاسا

یاساکان ئامرازێکن بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا، زەمانەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە، پارێزگاری ماف و ئازادی و بەرژەوەندی تاکەکان و کۆمەڵەکانە.

بەڵام بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندیە جیاوازەکان، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری نێوان هاوڵاتیان، بۆ زامنکردن و ئەنجامدانی کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت کە لە بەرژەوەندی میللەتدا بێت، تەنها دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری یاسا بەس نییە.

بەڵکو پێویستمان بە **چوار مەرجی سەرەکییە** کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

ا -پێویستە ناوەرۆکی ئەو یاسایانەی ژیانی کۆمەڵگا رێکدەخات، لەسەر بنەمای دادپەروەری بێت.

ب -پێویستە یاساکان بەشێوەیەکی یەکسان و بێ جیاکاری، بەسەر هەموواندا جێبەجێ بکرێن.

ج -پێویستە لەسەر ئەرزی واقیع، رێز لە یاسا بگیرێت.

د -پێویستە ئامرازی تەواو هەبێت بۆ جێبەجێکردنی یاسا.

نۆیەم: بڵاوبوونەوەی کەلتوری دیموکراسی

بونیادنانی دیموکراسی بە مرۆڤ دەکرێت و بۆ بەرژەوەندی مرۆڤە، مرۆڤیش لە چوارچێوەی دەوڵەتدا سیفەتی هاوڵاتی وەردەگرێت. لەبەر ئەوە هاوڵاتی ناتوانێت بە گۆشەگیری بژی و دابڕاوبێت لەوەی لە دەوروبەری روودەدات. چونکە زۆرجار ئەوەی لە دەوروبەری روودەدات، بە ناوی ئەوەوەو لە پێناو ئەودا روودەدات.

بۆیە پێویستە هاوڵاتی بەشداری ژیانی سیاسی بکات،لانی هەرە کەمی ئەو بەشداریکردنەش، بریتییە لە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کاروباری گشتی، بەراورد کردنی پرۆگرامی حیزبەکان لە ساتەوەختی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، لەگەڵ ئاست و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لەدوای هەڵبژاردنەکان. لێرەوە بۆ ئەوەی ئەو لانی هەرە کەمەی بەشداریکردنی هاوڵاتی ئەرێنی بێت، پێویستە هاوڵاتی ئاگاداری ئەو بنەمایانە بێت کە کۆمەڵگای دیموکراسی لەسەر بونیادنراوە.

بەشی دووەم: وانەکانی ڕاگەیاندن و دیموکراسی

▪ راگەیاندنو گۆڕانی دیموکراسی

ئامرازەکانی راگەیاندنی رۆڵی کاریگەرییان هەیە لە سەرهەڵدانی چاکسازی سیاسی کۆمەڵگە جیاجیاکاندا، چونکە رەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگەیە، رەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان دەستەبژێرو جەماوەرە، ئەو رۆڵەش بەندە لەسەر ئاستی بەشداری ئامرازەکانی راگەیاندن لە پرۆسەی چاکسازی سیاسیو دیموکراسیداو لەگەڵ ئەرکی ئەو ئامرازانەو رادەی ئازادییان، چونکە سروشتی رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لە پشتیوانی کردنی دیموکراسیو بەهێز کردنی بەهاکانی بەشداری سیاسیو بڕیاردان، پەیوەستە بە فەلسەفە سیاسییەی رژێمە سیاسییەکە کاری پێ دەکات.

چەمکی گۆڕانکاری سیاسی چەمکێکی گشتگیرو بەرفراوانەو پەیوەستە بەو وەرچەخانەی کە لەنێو بونیادو رەفتار و مەبەستە سیاسییەکاندا دەردەکەوێت کە دواجار کاریگەری دەکاتە سەر دابەشکردن و بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە هەموو دەرکەوتەکانیدا، لە ڕێگەشیەوە سەرلەنوێ تێڕوانین و ڕێڕەوی سیاسی بە شێوەیەکی سیستماتیک وبە تەواوی شێوە جیاوازییەکانیەوە.

خوێندنەوە زانستییەکانی بواری میدیا و سیاسەت زیاد لە دیدگایەکەوە ڕاڤەکارییان بۆ پەویوەندی میدیا بە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسییەوە کردووە، لەبەرەنجامی ئەو خوێندنەوانەدا چەند ئاڕاستەیەک خراوەتەڕوو کە هەر ئاڕاستەیەو هەوڵی سەلماندنی گریمانەکانی پەیوەست بەو پەیوەندییە دەدات، لەکۆی خوێندنەوانەشدا سێ ئاڕاستە گەلاڵە بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

<u>ئاڕاستەی یەکەم: رۆڵی کارای میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسیدا.</u>

ئەم ئاڕاستەیە ڕۆڵێکی بەهێزو ڕاستەخۆ دەداتە ئەو کاریگەرییەی پەیامە میدیاییەکان لەسەر وەرگری دروست دەکات، و جەخت لەسەر فاکتەری (کات) دەکاتەوە، واتە بۆ ئەوەی میدیا ڕۆڵی کارای خۆی ببینێ وادەی زەمەنی پێویستە، چونکە پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخان کاتی پێویستە، لەبەرەنجامی دووبارەکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان و فۆکەس خستنە سەر جەماوەرێکی دیاریکراو خستنەڕووی ورد و درشتی ئەنجامەکان، لە وادەیەکی زەمەنی دیاریکراودا زەمینەی گۆڕانکاری سیاسی دروست دەبێت.

لەم سۆنگەیەوە ئەم ئاڕاستەیە رۆڵێکی گرنگ دەبەخشێتە میدیا و زیاتر وەک ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوەو کاریگەری کردنە سەر وەرگر تەماشای دەکات و پێی وایەلە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسیدا، میدیا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت، لە ڕێگەی وروژاندنی دۆزەکانی پەیوەست بە ڕیفۆرمی سیاسی.

شوێنکەوتووانی ئەم ئاڕاستەیە کۆمەڵێک فاکتەر دەخەنەڕوو کە زەمینەر لەبەردەم گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا دەڕەخسێنن، ئەو فاکتەرانەش لە بنەمادا لە ڕێگەی میدیاوە دروست دەبن، بەجۆرێک میدیا دەتوانێت لە ڕێگەی پەیامە جۆراو جۆرەکانییەوە دروست بکات ، ئەو فاکتەرانەش بریتین لە:

١- هۆشیارکردنەوەی جەماوە:

٢- سازاندنی زەمینەی دیموکراسی:

٣- ڕەخساندنی بەشداری سیاسی:

٤- ڕەخساندنی ژینگەی گۆڕانی سیاسی:

٥- چاودێری کردنی ڕەفتاری سیاسی:

٦- دروستکردنی بڕیاری سیاسی:

٧- کاریگەری کردنەسەر رای گشتی:

ئاراستەی دووەم: ڕۆڵی سنورداری میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسیدا.

ئەم ئاراستەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە میدیا بەشێکە لە کۆی ئەو سیستمەی کۆنترۆڵی جوڵەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نێو وڵاتێک دەکات، واتە میدیا دامەزراوەیەک نییە بەتەنها کاربکات، بەڵکو پەیوەستە بە شوێن و کات و ئەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکات، کە پێکەوە کاریگەری بۆ کاری میدیایی دروست دەکەن، ژینگە کاری میدیایش بەگوێرەی کات و شوێن و وەرگرەکانەوە دەگۆڕێت، هەر کاتێکیش ئەو ژینگەیە یارمەتیدەر بوو، ئەوا دەرفەتی سەرکەوتن لەبەردەم ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا دروست دەبێت،

ژینگەی کاری میدیایی لە پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا. بریتییە لەو لایەن و فاکتەرانەی کاریگەری دەکەنە سەر کاری میدیا، جا ئەگەر فاکتەری ناوخۆیی تایبەت بە دامەزراوە میدیاییەکان بن، وەک شێوازی کاری ناوەوەی دامەزراوەو بیروبۆچوون و تواکان، یاخود ئەو فاکتەرە دەرەکیانە بن کە بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەر دەکەنە سەر کارو چالاکییەکانی میدیا وەک فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەم ئاڕاستەیە بەشێوەیەکی مام ناوەند دەڕوانێتە ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسیەکان و پێی وایە ڕۆڵی میدیا سنورداره لە لەسەروبەندی وەرچەرخانە سیاسییەکاندا.

ئاڕاستەی سێیەم: ڕۆڵی ئەرێنی میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسیدا.

ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە ئەگەرچی میدیا ڕۆڵی هەیە لە پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، بەڵام ئەو ڕۆڵە لە خزمەتی ئەو ناوەندە دەستڕویشتووەیە کە کۆنترۆڵێ میدیا دەکەن، بەو پێیەی میدیا لە نێو ئەو سیستمەدا هەڵسوکەوت دەکات کە کۆنترۆڵی کردووەو سەرەنجام لە بەرژەوەندی ئەوان کار دەکات و هەوڵ دەدادات لە ڕێگەی پەیامەکانییەوە جەماوەر رابکێشێت بۆ بەرگری کردن لە سیاسەتی ئەو دەستەبژێرەی کۆنترۆڵی کردوون، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

واتە میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی نییە وەک ئەوەی شوێنکەوتووانی ئاڕاستەی یەکەم باسی دەکەن، بەڵکو لە بنەمادا ڕەنگدانەوەی بۆچونی ئەو دەستەبژێرەیە کەکۆنترۆڵێ میدیا دەکەن و ئەوان بەرژەوەندییەکان دەپارێزن.

یۆرگن هابرماس چوار مەرجی داناوە، کە دەبێ لە راگەیاندندا هەبن تا توانای هەبێت ئەرکە دیموکراسییەکەی بەجێ بگەیەنێت، ئەوانیش:

١- توانای هەبێت نوێنەرایەتی ئاراستە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگە بکات.

٢- توانای پاراستنی کۆمەڵگەی هەبێت.

٣-توانای دابین کردنی زانیاری بۆ تاکو کۆمەڵیش هەبێت.

٤- توانای بەشداری کردنی لە یەکڕیزی ناو کۆمەڵگەدا هەبێت.

راگەیاندنو گۆڕانی دیموکراسی

بەشداری واتا بەدەستهێنانی زۆرترین توانای بەشداری گشتی لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و میدیادا، و رۆڵی میدیا لەبەشداری سیاسیدا لەروانگەی پەیوەندی نێوان میدیا وبەشداری سیاسیەوە بەدەر دەرکەوێت، ئەو پەیوەندیەش ئاست و پۆلێینی جۆراوجۆری هەیە،لەوانە:

یەکەم: رۆڵی میدیا لە بەشداری سیاسیدا.

١- پەیامی میدیایي رۆڵی کاریگەر وچالاکانەی لەبەشداری سیاسی وبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بایەخپێدانی سیاسی لای تاکەکان هەیە، دواتر کاریگەری لەسەر بەهای سیاسی تاکەکان دروست دەکات ئەمەش لەرێگەی پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان دەسەلاتی سیاسی و جەماوەر دەبێت بە هۆی میدیا و کەناڵەکانی پەیوەندیکردنەوە.

٢- میدیا هانی تاکەکان دەدات بۆ بایەخپێدانی سیاسیان و بەشداریپێکردنیان لە بڕیاری سیاسیدا، ئەمەش لە رێگەی خوڵقاندنی کەشێکی میدیایی گونجاو کە دواجار دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و فراوانکردنی بەشداری سیاسی تاک لە کۆمەڵدا.

٣- میدیا رۆڵی لە رەخساندنی کەشێکی لەبار هەیە تا هاوولاتیان بتوانن رای سیاسی خۆیان دەربڕن و هەوڵی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی داواکاری سیاسییان بدەن.

٤- بەشداری سیاسی پەیوەستە بە وێنای سیاسی و ئاستی پێکهاتنی ئاڕاستەی ئەرێنی لای تاک بەرانبەر بە دەسەلاتی سیاسی، ئەمەش لەرێگەی زیادبوونی پلەی گرنگی پێدانی ئەرێنی لای جەماوەر و بایەخبەندی بۆ ئەو بابەتانەی کە یارمەتیدەرن لە پێکهێنانی دیدوبۆچوون لەسەریان و بەشداری لەو گفتوگۆیانەی کە میدیا بلاویاندەکاتەوە.

دووەم: رۆڵی میدیا لە بڕیاری سیاسیدا.

١- میدیا بەشدارە لە پرۆسەی بڕیاری سیاسی لە ڕێگەی:

- زیادبونی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان.

- دەرخستنی پێوەرە کۆمەلایەتییەکان و پشتگیریکردنی دەسەاڵتی سیاسی.

- فراوانبوونی بەشداری گفتوگۆ سیاسییەکان.

- کاریگەری لەسەر هەڵوێستە لاوازەکان و ئاڕاستەکردنی هەڵوێستە بەهێزەکان.

٢- میدیا یارمەتی تاک و گروپەکان دەدات لە بەشداریان بۆ کاروباری گشتی و تایبەتی لە کۆمەڵدا، هەروەها بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان لە نێو بەرژەوەندییە گشتییەکان لەگەڵ گروپەکانی تردا مسۆگەردەکات، میدیا توانای پشتیوانی و هاندانی هەیە بۆ چالاککردنی هۆشیاری بەشداریکردن و بڕیاردان کە ژیانی تاکەکانی پێوە پەیوەستە .

٣- میدیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بەرنامە و پەیامە هەواڵییەکان و ژانرە جۆراوجۆرەکانییەوە بایەخ بە بابەتە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان دەدات و جۆرێک لە زانیاری و مەعریفە دەدات بە تاک و ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵ بەرزدەکاتەوە، بوارێکی گەورەیان بۆ سەرپەرشتی وکۆنترۆلکردنی دەوروبەر بۆ دەرەخسێنێت بۆ پرۆسەی بەشداریکردن و بڕیاردان هانیان دەدات و ساز و ئامادەیان دەکات.

٥- میدیای بینراو، بیستراو و نوسراو رۆڵێکی گرنگیان لە چالاکردنی رۆشنبیری میلیدا هەیە، زۆرجار ئەو رۆڵە راستەوخۆ و روونە، جەماوەر توانای لە بەشداریکردن لە بڕیاردا هەیە، بەمشێوەیە میدیا رۆڵێکی کاریگەر و چالاکانەی هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتی هاوولاتیان و جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و دادپەروەری و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، هەموو هاوولاتییەک کات و بوارێکی یەکسانیان لە بەشداری دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا دەبێت.

سێیەم: رۆڵی میدیا لە بەشداری هەڵبژاردن:

١- میدیا بوارێکی گرنگ بۆ دەنگدەران و کاندیدەکان دەرەخسێنێت و چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات لە رێگەی چوار بواری سەرەکییەوە:

- چاودێریکردنی چۆنێتی دەستەبەرکردنی مافی دامەزراوەکانی میدیا لەبەدەستهێنانی زانیاری و بیروبۆچونەکان و گواستنەوەیان.
- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری میدیایی بۆ لایەن و کاندیدە ململانێکەرەکان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.
- چاودێریکردنی چۆنێتی کاری هاوبەشی نێوان حکومەت و ئامرازەکانی میدیا.
- چاودێریکردنی چۆنێتی کاری حکومەت و میدیا بەمەبەستی پێدانی زانیاری بۆ جەماوەری دەنگدەر چۆن و بۆچی و کێ هەڵدەبژێرێت؟

٢- لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کە هاوولاتیان بەسەر ئاراستەی سیاسی جۆراوجۆردا دابەش دەبن، ئەوا ئەرکی میدیا و میدیاکار چاودێریکردنی رووداوەکان و شیکردنەوەیانە.

چوارەم: **رۆڵی میدیا لە بەشداریکردنی زانیاری:**

١- میدیا رۆڵێکی گەورەی لە پێدانی زانیاری لەسەر پرۆسەی سیاسی هاوولاتیاندا هەیە، بە تایبەتی لە ئێستادا بەهۆی شۆرشی پەیوەندیکردن و ئەو گەشەکردنانەی کە سیستمی پەیوەندیکردن و میدیای گرتۆتەوە لەم چەرخەدا ئەو رۆڵە زیاتر بووە.

٢- کەناڵەکانی میدیا رۆڵی گرنگیان لەسەر کەسانی بژاردە و هاوولاتیان هەیە، بەهۆی میدیاوە داواکاری و خواستی جەماوەر و کێشەکانیان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و مینبەرێکە بۆ سازدانی گفتوگۆی سیاسی، بەمشێوەیە تاک توانا و چالاکی و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی لە رێگەی گفتوگۆی سیاسی دیموکراسیانە و لە رێگەی میدیاوە موماره‌سه دەکات.

٣- میدیا رۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی دیاردەی زۆرینەی بێدەنگدا هەیە لە رێگەی پێدانی زانیاری و دەربڕینی را و گفتوگۆ بەردەوامەکان، ئەمەش تا پرەنسیپەکانی دیموکراسی بەدیبهێنرێت لە رێگەی بەشداری میللەت بەهۆی زانیاری بابەتیانەی ئامڕازەکانی میدیا و دیموکراسی و هاندانی بەشداریکردنی راستەقینە لە دروستکردنی بڕیاردا.

سەرچاوەکان

١- حسن عماد مكاوى، ليلى حسين السيد، الاتصال ونظرياته المعاصرة، الدار المصرية اللبنانية،٢٠١٢.

٢- كامل خوشيد مراد، الإتصال الجماهيري والإعلام: التطور-الخصائص- النظريات، دار الميسرة،٢٠١١.

٣- شيماء ذو الفقار زغيب، نظريات في تشكيل اتجاهات الرأي العام، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٤.

٤- ئیبراهیم سەعید فەتحوڵڵا،ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێ و قەیرانەکان،٢٠١٧،سلێمانی، گردی سەرچنار.

٥- فواد على، ڕۆڵی میدیا لە بەشداری سیاسیدا، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێ و قەیرانەکان - ٤٨،٢٠١٨،سلێمانی، گردی سەرچنار.

٦- عزيزة عبدة، الاعلام السياسي و الراي العام دراسة في ترتيب الاولويات، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤.

٧- مي عبدالله، الاتصال و الديمقراطية، بيروت دار النهضة العربية ، ٢٠٠٦.

٨- كۆمەڵيك نووسەر،(٢٠٠٩)، ديموكراسى و فيدراليزم(كۆمەڵە وتار)، وەرگيرانى: مهدى مهرپەروەر، دەزگاى توێژينەوەو بڵاوكردنەوەى موكريانى، هەولێر، چاپخانەى ڕۆژهەڵات، چاپى يەكەم.

٩- كۆمەڵيك نووسەر،(٢٠١١)،ديموكراسي وتوخمە پێكهێنەرەكانى وەرگيرانى:موستەفا مەعروفى، دەزگاى توێژينەوە و بڵاوكردنەوەى موكريانى، هەولێر، چاپخانەى ڕۆژهەڵات، چاپى يەكەم.